کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ڕۆژی جیهانی هۆشیارکردنەوە لە مین و هاریکاری کاروباری مین

**کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی چواری مانگی نیسانی هەموو ساڵێکی دیاریکردووە وەکو ڕۆژی جیهانی بۆ هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین و پشتیوانیکردن لە پرۆسەی کاروباری مین. دەستنیشانکردنی ئەم ڕۆژەش دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ڕادەی هۆشیاری بەرەو هەنگاونان بۆ بنەبڕکردنی کاریگەری مەترسییەکانی مین لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی بە مین پیسبوون، شایانی ئاماژەیە ئەم ساڵ دەبێتە دووەمین ساڵوەگەڕی ئەم یادەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وەکو ڕۆژی کاروباری مین لە جیهان ناسراوە.**

**مین و پارچە تەقەمەنییە جەنگییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر باری ئابوری، کۆمەلایەتی و تەندروستی دانیشتوانی کۆمەلگا. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە ڕابردوو بدەینەوە دەبینین دیاردەی مینڕێژکردن و پرچەککردنی بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی عیراق بە پێی سیاسەتێکی دووژمنکارانەی حکومەتە یەك بەدوایەکەکانی عیراق ئەنجامدراوە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشە یەك بەدوایەکەکانی میللەتی کورد لەکوردستانی عیراق سیاسەتی ناوبراو بەردەوام دەرهەق ناوچەکانی کوردستان پیادە دەکرا، بەلام لەسەردەمی ڕژێمی پێشوی عێراق و دووابەدووای هاتنە سەر حوکمی بەعسیەکان لە شوباتی ١٩٦٣ شانبەشانی سیاسەتە شۆفینیانەکەی لە پیادەکردنی تەعریب و بەبەعسکردن و ڕاگواستنەوەی خەڵکی گوندەکان، هەروەها ئەو هەموو شەڕە ماڵوێرانکاریانەی بەسەر خەڵکی عیراق بە گشتی هێنا و خەڵکی کوردستانیش بەتایبەتی، بەئاشکرا دیاردەی مینڕێژکردن و پیسکردنی کوردستان بە مین سەریهەڵدا و بە هەزاران کەس لەگەنج، منداڵ و بەساڵاچوو بوونە قوربانی و ڕووبەڕووی مردن و پەککەوتنی هەمیشەیی و زەرەر و زیانی مادیش بوونەوە.**

**بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی کاروباری مین (** INTERNATIONAL MINE ACTION STANDARDS**) کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان داڕێژراوە، کاروباری مین هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری مەترسییەکان مین و پارچە تەقەمەنییە جەنگیە نەتەقاوەکان لەسەر کۆمەڵگا. کاروباری مین تەنها بریتی نیە لە کار و چالاکییەکانی مینلابردن، بەڵکو پەیوەستە بە خەڵك و کۆمەڵگاکان، هەروەها چۆنیەتی کاریگەری ناوچە پیسبووەکان بە مین. ئامانجی کاروباری مین بریتیە لە کەمکردنەوەی مەترسییەکانی مین بۆ ئاستێکی ئەوتۆ کە خەڵکی بتوانن بەشێوەیەکی سەلامت بژین، لەبواری پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەلایەتی و تەندروستی هەروەها دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی بەرکەوتووان و قوربانیانی مین. کاروباری مین لەسەر پێنج کۆڵگەی سەرەکی بنەما دەگرێت کە ئەمانەن:**

- میـنلابردنی مرۆیی ( HUMANITARIAN DEMINING )، چالاکییەکانی وەك ڕووپێوی مین/ پارچە تەقەمەنییـە جەنگییـەکان، دروسـتکردنی نەخـشە، زانیارییـەکانی مـین و پارچـە تەقەمەنییـەکان، نیشانەکردن و پاککردنەوەی مین لەکاتی پێویست دەگرێتەوە.
- هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین / پارچە تەقەمەنییە نەتەقاوەکان.
- پاڵپشتی قوربانیانی مین، ئەمەش ڕاهێنان و پێگەیاندنی بەرەکەوتوو قوربانیانی مین دەگرێتەوە.
- لەناوبردنی مینە عەمبارکراوەکان.
- بەشداریکردن و هاوبەشیکردن لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مینی دژەکەسی.

لەسەر ئاستی جیهانی پەیمانامەیەك هەیە پێی دەگوترێت (پەیمانامەی قەدەغەکردنی مین MINE BAN TREATY) ئەم پەیمانامەیە ڕێکەوتنێکی جیهانیە بۆ قەدەغەکردنی مینە دژەکەسییەکان و هەندێك جاریش بە کۆنگرەی ئۆتاوا ناوزەد دەکرێت، ناونیشانی فەرمی ئەم کۆنگرەیەش بریتیە لە کۆنگرەی قەدەغەکردنی بەکارهێنان، کەڵەکەکردن (عەمبارکردن)، بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مینە دژە کەسییەکان و هەروەها تێکشکاندیان. ئەم پەیمانامەیە بە پێویستیەك و میکانزمێکی زۆر گرنگ و گشتگیر دادەنرێت بۆ رزگاربوونی جیهان لە کاریگەرییە خراپەکانی مین، هەر بەهۆی ئەم پەیمانامەیەش ڕێگاچارە گونجاوەکان دیاریکراوە سەبارەت بە بەکارهێنانی مین، بەرهەمێنان و بازرگانپێکردنی و هەروەهاپاڵپشتی قوربانیانی مین، پاککردنەوە و لەوناوبردنی مینی کەڵەکەکراو.

لە دیسەمبەری ١٩٩٧ کۆی ١٢٢ حکومەت لە ئۆتاوای کەنەدا ئەم پەیمانامەیەی مۆرکرد، لە ئاداری ساڵی ١٩٩٩ پەیمانامەی ئۆتاوا خرایە ناو دوو توێی یاسای نێودەولەتی. لەقۆناغی ئێستادا هێشتا ئەو پەیمانامەیە کراوەیە بۆ پەسەندکردن لەلایەن ئەوانەی مۆریانکردووە و هەروەها هاتنە ڕیزی پەیمانامەکە لەلایەن ئەوانەی لەپێش ئاداری ١٩٩٩ مۆریانەکردووە.

تاوەکو مانگی ئۆگستی ٢٠٠٦ ژمارەی حکومەتە ئەندامەکانی پەیمانامە گەیشتە ١٥١ هەروەها ٣ وڵاتی تریش مۆریانکردووە بەلام هێشتا ماوە ڕێکەوتنامەکە پەسەند بکەن. سەرەڕای ئەوە ٤٠ وڵاتی تر لەدەرەوەی ئەم پەیمانامەیە ماونەتەوە و نەبوونەتە ئەندامی پەیمانامەکە لەنێوانیاندا چین، میسر، فیلەندا، هیند، ئیسرائیل، پاکستان، ڕوسیا و یلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

کوردستانی باشور بە یەکێك لە ولاتە مینرێژکراوە مەزنەکان دادەنرێت، بەگوێرەی دووایین ئەو ئامارانەی کە بەردەستن لە بنکەی زانیاریەکان و لەئەنجامی ڕووپێوی تۆمارکراو لەلایەن ILIS کە ناوچەکانی کەرکوکیش دەگرێتەوە، کۆی ٣١٤٩ ناوچەی بە مین پیسبوو لە کوردستان دەستنیشانکراوە، ڕووبەری ئەم ناوچە بە مین

پیسبووانە دەگاتە ٧٨٨,١٢٦,٩٠٣ مەتری چوارگۆشە، تاوەکو ئێستا ١٤١٨٨ کەس بەر مین کەوتوون لەناویاندا ٧٦٠٩ کەسیان مردوون و ٦٥٧٩ کەسی دیکەش بریندار بوون کە بێگومان ئێستا ئەوانە بوونەتە پەککەوتە و کۆی ١٨٦٨٣ سەر ئاژەلیش بەر مین کەوتوون.

شایانی ئاماژەیە بەرنامەی کاروباری مین لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٢ لە کوردستان سەرهەڵداوە و ڕێکخراوی MAG پێشەنگی ئەم بەرنامەیە بووە، هەر لەم بوارە چەندین ڕێکخراوی تری ناحکومی کاریان کردووە وەك سۆلیداریتی، NPA ، میدیکو، لە ساڵی ١٩٩٨ لە ڕێگای ڕێکخراوی UNOPS کە وەکو ڕێکخراوێکی UN لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك بەرنامەی کاروباری مین پەرەسەندنێکی فراوانی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی بەخۆوە بینی، بە یارمەتی UNOPS وەکو گەشەپێدانی توانستە ناوخۆییەکان ژمارەیەك لە ڕێکخراوی ناحکومی خۆماڵی بۆ کاروباری مین هاتنە مەیدانی کار وەك: ڕێکخراوی پیرمام، ئاراس، باواجی، تیرۆژ، دوو ڕێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوە لە مین و دوو سەنتەری پەلی دەستکرد بۆ پەککەوتوانی مین.

لە کوردستان خەلکانێك هەن کە کارامە و شارەزان لە بوارە جیاجیاکانی کاروباری مین و چەندین ساڵە وەکو پێشمەرگەیەك ڕۆژانە مەتر بە مەتری خاکی کوردستان لەو مین و پارچە تەقەمەنیە جەنگیانە پاك دەکەنەوە کە ڕژێمی پێشوی عیراق لێرەولەوێی چاندبوون، لەم پێناوەش تائێستا چەندین کارمەند گیانیان لە دەستداوە و هەندێکی دیکەش بوونەتە پەککەوتە، جێگای خۆیەتی لەم ڕۆژە ستایش بکرین و ڕێزی تایبەتیان لێبگیرێت و زیاتر پاڵپشتی بکرێن، ئەوانەیش کە وەکو کارمەندی مینلابردن پێشتر کاریان کردووە و لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی پیرۆزی مینلابەری گیانیان لە دەست داوە هەقە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفاکراوەکان شەرەفەی شەهیدبوونیان پێبدات و مافەکانی شەهید بیانگرێتەوە، ئەو مینلابەرانەش کە تووشی پەککەوتەیی هەمیشەیی هاتوون بە هەمان شێوە قەرەبۆ بکرێنەوە و گوزەرانیان باشتربکرێت چونکە ئەوانە تەمەنی گەنجی خۆیان وەکو سەربازێکی وون بۆ لابردنی مین لە کوردستان بەسەر بردووە و ئێستا سەربای ئەوەی تەمەنیان گەورە بووە لەهەمان کاتیش بوونەتە پەککەوتە.

ڕۆژی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هۆشیارکردنەوە لە مین و پاڵپشتی کاروباری مین لەهەموو کارمەند وپیشەگەرانی کاروباری مین لەسەر ئاستی جیهانی و بەتایبەتیش لە پیشەگەرانی کاروباری مین لە کوردستان پیرۆز بێت، سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو قوربانیانی مین دادەنوێنین.

جەمال جەلال حسێن